کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16:21 20-5-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بانێکەو دوو هەوا!!! ... نەبەز گەرمیانی**

لەم ڕۆژانەدا هەڵمەتێکی پۆلیسی هات و چۆ لە شاری هەولێر دەستی پێکرد بۆ نەهێشتنی دیاردەی جامی ڕەشی ئۆتۆمۆبیل و ئۆتۆمۆبیلی بێ تابلۆی ژمارەو سەرپێچیکارانی ئەم بوارە لە شەقام و بازگەو خاڵەکانی پشکنین و ناو بازاڕو ئەو شوێنە گشتییانەی ئۆتۆمۆبیلیان پێدا دەڕوات، کە ئەمە کارێکی یەکجار چاکەو سوودو فەرو قازانجێکی باشی بۆ هاوولاتییان هەیەو سەرپێچیکار و بێ مۆڵەتی لێخوڕین و ئەو کەسانە ناهێڵێت کە مۆلەتی لێخوڕینیان نییەو زۆر جار بە شەقام و کۆڵانەکانی شارو دەوروبەریدا سەرپێچی دەکەن و ڕووداوی سەیرو سەمەرەیان لە دەست ڕوو دەدات.
تا ئێرە کارەکە ئاساییەو کەس گلەیی ناکات و گلەیی نییە، بەڵام ئەگەر کارەکە بوو بە بانێك و دوو هەوا ئەو کات ماستەکە دەبێتە ئەوەی سەد مووی تێدا بێت، فاتیحە بۆ گیانی یاساو سەروەری یاسا بخوێنەو دەست لەو خەونانەی گەلی کوردستان بشۆ کە سەدان ساڵە خوێنی لەپێناودا دەبەخشێت، کە خۆی لە کوردستانێکدا ببینێتەوە یاسای تێدا سەروەر بێت و جیاوازی لە نێوان حاکم و مەحکوومدا نەمێنێت، کە هەردووکیان هەر کوردن!!!
ئەوی ڕۆژی لە شەقامێکی شاردا بەلای مەفرەزەیەکی پۆلیسی هات و چۆدا تێپەڕیم و ڕایانگرتم و دایانبەزاندم و داوای مۆڵەت و سەنەوییەیان لێکردم و بە تووڕەییەوە کەوتنە وێزەی ئۆتۆمۆبیلە شڕەکەم کە تەنیا جامەکەی پشتەوەی هەر لەو کاتەوە ڕەش بوو کە لە خاوەکەیم کڕیبوو بەڵکو ڕەنگە هەر لە کاتی دروستکردنییەوە لە کۆمپانیا ڕەش بووبێت، ، باش بوو 30 تا 50 هەزارێکیان غەرامە نەخستم، ئەگینا دەبوو ئەوەش بجرمێنم، لەو کاتانەدا بوو کاتێك بینیم کاروانێکی ئۆتۆمۆبیلی مۆنیکاو نوێترین مۆدیل تێپەڕین و هەر هەموویان جامەکانیان ڕەش بوو، تەنیا جامی پێشەوەیان نەبێت، کەچی برایانی مەفرەزە نقەشیان لێوە نەهات - حەدیان چی بوو نقەیان لێوە بێت - هەر لە کارەکەی خۆیان بەردەوام بوون و تا جامە ڕەشەکەی ئۆتۆمۆبیلە شڕەکەی منیان سپی و ڕووت نەکردەوە حەجەکەیان قبووڵ نەبوو، ئەو کات ئیجازەو سەنەوییەکەیان دامەوەو پۆلێکی یاسایی و سەروەری کوردستان و گەندەڵی مامەڵ کردن و بەیەك چاو تەماشانەکردنی هاوولاتییان و حاکم و مەحکوومیان پێوە نام و منیش ناچار بووم سواری ئۆتۆمۆبیلە شڕەکەم ببم و بڵێم ئافەرین کورد بۆ خۆت و بۆ یاساو سەروەریت، ئەوە بانێکەو نەك دوو هەوا بەڵکو سەد هەوا، بۆیە هەر بە هیچ نابین و یاسا بە یەك چاو تەماشای ئەندامانی کۆمەڵ ناکات و تا هەتایە ئاغا هەر ئاغایەو سەپانیش لەبەر هەتاوو باوباران هەر سەپانە، بۆیە کارەکە بە من و تۆ چاك نابیت و ئەمەیش وا بڕوات نەك هەر کەرکووك بەڵکو شارەکانی دیکەی کوردستانیشمان لە دەست دەردەچێت، یا خوا وە نەبێت!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.